# تەبلێتێک فەرمانەکانی ئەلکێسا وەردەگرێت

ئەلێکسا alexa واتە سیستەمی دەنگی کۆمپانیای ئامازۆن ئەوەیە کە فەرمانە دەنگییەکان لەبەکارهێنەر وەردەگرێ و لە مەودایەکی دوورتر دەتوانێ جێبەجێیان بکا، بۆ نموونە ئەگەر ئامێرێك سیستەمی دەنگی ئەلیکسای هەبێت و ئامێرەکانی دیکەی ماڵەوەش لەمە سوود وەربگرن دەتوانی لە رێگای دوورەوە فەرمان بکەی کە ئامێرەکان بکوژێنەوە یان هەڵبن یا ئەرکێك ئەنجام بدەن.

لینۆڤۆ لەم ماوەیەدا تەبلێتێکی بەرهەم هێناوە کە پشتیوانی لە سیستەمی دەنگی ئەلیکسا دەکا. ئەم تەبلێتە دەکرێت بە دانانی لەسەر پایەیەکی تایبەت وەك بڵندگۆیەکی گەورە لە ماڵەوە سوودی لێوەربگیردرێت.

تەبلێتەکە بە smart tabs ناسراوە. پایە تایبەتەکە جگە لەوەی کە تەبلێتەکە شەحن دەکاتەوە و دەکرێت وەك بڵندگۆیەکی هۆشمەندیش کار بکات و بە سوود وەرگرتن لە سیستەمی دەنگی ئامازۆن هەر گۆرانییەك حەزی لێبکەی بڵاوی بکاتەوە. بەشێك لە تایبەتمەندی تەبلێتەکە ئەوانەن: رامەکەی ٤ گیگابایتە، میمۆرییەکەی ٦٤ گیگایە، باترییەکی بەهێزی هەیە، لەگەڵ کامێرای پێش و پشتەوە و بڵندگۆکانیش زۆر تایبەتن..






# بچووکترین کامێرای دژە لەرین



لە کامێرا نوێیەکاندا تایبەتمەندییەك هەیە پێی دەگوترێت دژە لەرین، واتە ئەوکاتەی بەکارهێنەری کامێراکە دەستی بلەرزێ، یان ئەو دیمەنەی کە وێنەی دەگرێت لە شوێنی خۆی جوڵە بکات، وێنەکە بەبێ تێکچوون بگیردرێت.

کۆمپانیای DJI بچووکترین کامێرای دژە لەرینی خۆی بەناوی (Osmo Pock-et) خستەڕوو، کامێراکە زیاتر بۆ ئەو فڕۆکە بچووکانە دەبێت کە تایبەتن بە وێنەگرتن لە بەرزایی کە هەم کامێراکە و هەم دیمەنەکان لەکاتی جوڵەدان.

شاشەیەکی زۆر بچووکی هەیە تەنیا یەك ئینج بەکارهێنەر دەتوانێت وێنە و فیلمە گیراوەکان لەسەر ئەم شاشەیە ببینێ، بەڵام بەهۆی بچووکی شاشەکەوە زۆر ئەستەمە بکرێت بە پەنجە وێنەکان بگۆڕی، کامێراکە بە مۆبایلی ئەندرۆید و ئایفۆن پەیوەند دەدرێت، خۆی ئۆتۆماتیکی بەدوای دیمەنی جوڵەدار دادەگەڕێت، بۆ نموونە ئەگەر فیلم لە منداڵێك بگری و منداڵەکە بە چوار دەوری خۆیدا بڕوات، ئەوە لێنزی کامێراکە بەدوای دیمەنەکەدا دەسووڕێت، کوالیتی فیلمەکان 4kن و بە خێرایی ٦٠ فرێم لە چرکەیەکدا، دەکرێت هەتا دوو کاتژمێر بەم کوالیتیە فیلم بگیردرێت، کوالیتی وێنەکانیشی ١٢ میگاپیسکلن.



# تەنكترین سپیكەری بلوتوس

سپیكەری بلوتوس، ئەم بڵندگۆ بچووكانەن كە لە ڕێگای بلوتوسەوە لەگەڵ یەكێك لە ئامێرەكانی وەك كۆمپیوتەر، مۆبایل، كاتژمێری سمارت...تاد، پەیوەند دەدرێن و مۆسیقاو گۆرانییەكە بە دەنگێكی بەرزتر بڵاودەكاتەوە.

لە پیشانگای ساڵانەی CES2019دا لینۆڤۆ سپیكەرێكی بچووكی خستەڕوو كە بە بۆچوونی كۆمپانیاكە تەنكترین سپیكەری بلوتوسییە لە جیهاندا.

ئەم سپیكەرە بە Lenovo 700 ناسراوە، بارستاییەكەی تەنیا ١١ ملمە و چواردەورەكەی لە ئەلۆمینیۆم دروستكراوە، بۆخۆی لە چوار سپیكەر پێكهاتوو، بۆیە دەنگ بە شێوەی ٣٦٠ پلەیی بڵاودەكرێتەوە.

بڵندگۆی ناوبراو لەگەڵ سیتسەمی بلوتوس ٥ دەگونجێت و هەروەها لە سیستەمی NFCیش سوود وەردەگرێت، فەرمانی دەنگیش وەردەگرێت و بەكارهێنەر دەكرێت بە دەنگ فەرمانی بەسەردا بكات.

سپیكەری ناوبراو هەتا ٨ كاتژمێر شەحنی دانابەزێت و لە ماوەیەكی زۆر كەمیشدا شەحن دەبێتەوە.



# دیسكتۆپێك لە بەرگی لاپتۆپدا

لەم سەردەدا جیاوازییەكی ئەوتۆ لە نێوان كۆمپیوتەری سەرمێز واتە دیسكتۆپ و كۆمپیوتەری سەفەری واتە لاپتۆپدا نییە، لاپتۆپەكان هەمان توانای دیسكتۆپەكانیان هەیە و دیسكتۆپەكانیش كێش و قەبارەیان بەقەد لاپتۆپی لێهاتووە.

لاپتۆپی (ئالاینوار) **Area-51m** زیاتر وەك كۆمپیوتەرێكی سەرمێز دەچێت تا لاپتۆپێك. لاپتۆپی ناوبراو لە نەوەی نۆیەمی core i٩ی لەسەرە، رامەكەی ٦٤ گیگابایتە و شوێنی داكردنی داتا واتە هارددیسك یان SS دیسكی سێ ترابایتە. لاپتۆپی ناوبراو بۆ ئەركی قورس كە گرافیكیان زۆر لەسەرێ بێ وەك گەمەی ئەلكترۆنی و كاروئەركی فیلم و مونتاژ یان نەخشەسازی و دیزاین سوودی لێوەردەگیردرێت.



# پادێكی گەیمی تایبەت بە مۆبایل

مۆبایل هەر ئەو ئامێرە نەماوە بۆ پەیوەندی كردن بێت، بەڵكو ئەركی چەندین ئامێری دیكە ئەنجام دەدات، یەكێك لەوانە ئامێرەكانی تایبەت بەگەیمی ئەلكترۆنین، هەربۆیە مۆبایلی تایبەت بە گەیمی ئەلكترۆنیش بەرهەم هاتوون، كێشەیەك لە مۆبایلەكانی تایبەت بەگەیم هەیە ئەویش نەبوونی دەسكێكی یاری بەهێزە، بە داهێنانی دەسكی گەیمی MUJA ئەو كێشەیەش نەماوە. ئەم پادە كێشەی گەیمی ئەلكترۆنی تایبەت بە مۆبایلی چارەسەر كردووە، چونكە یاری كردن بە دوو پەنجە لەسەر شاشەی لەمسی مۆبایل ناخۆشە، بەتایبەتی ئەگەر یارییەكە ئەكشنەكەی بەهێز بێت، لەم پادە تایبەتییەدا گشت دوگمەكان لە پشتەوەی مۆبایلەكە دەبن، بەكارهێنەر شاشەی مۆبایلەكەی وەك خۆی دەبینێت. لە ڕێگای بلوتوسەوە بە مۆبایلەكەوە پەیوەند دەدرێت لەگەڵ ئەوەشدا وزە بە مۆبایلەكە دەبەخشێت و گەرمای مۆبایلیش كەم دەكاتەوە. Muja چوار دوگمەی تایبەت بە یاری هەیە و بەكارهێنەر دەتوانێت بە ویستی خۆی بیگۆڕێت.




# کاتژمێرێکی سمارت پاوەربانکیشە

درەنگ یا زوو کاتژمێرە سمارت و هۆشمەندەکان شوێنی کاتژمێرە کلاسیکیەکان دەگرنەوە کە تەنیا کاریان نیشاندانی کات بوو، مرۆڤ لەم سەردەمەدا تەنیا پێویستی بەوە نییە بزانێ کات چەندە، بەڵکو دەیەوێت بزانێت مەودای رۆیشتنەکەی لەم کاتەدا چەندە بووە، چەند هەنگاوی بڕیوە، چەندی مەلە کردووە، چەندی پایسکل لێخوڕیوە و لە ئاکامدا چەندی وزە سووتاندووە و زۆر ئەرکی دیکەش..

کاتژمێرە سمارتەکان نە تەنیا شوێنی کاتژمێری کلاسیکی بگرە شوێنی مۆبایلیش دەگرنەوە، پەیوەندی ئەنجام دەدەن، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکەنەوە، وێنە دەگرن و گۆرانی و مۆسیقا لێدەدەن و ... تاد.

لەم ماوەیەدا کۆمپانیای لینۆڤۆ نوێترین کاتژمێری سمارتی خۆی خستەڕوو کە شاشەکەی ٤ ئینجە و پشتیوانی لەگوگڵ ئیستنیت دەکات. واتە بە دەنگ فەرمانەکان جێبەجێ دەکات.

ئەم کاتژمێرە هۆشمەندە سەرەڕای ئەوەی گشت ئەرکی کاتژمێرە سمارتەکانی دیکە ئەنجام دەدات دەتوانێت وەك پاوەربانکێکیش سوودی لێوەربگیرێت و ئامێری دیکەی پێ شەحن بکرێتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت فایلێکی wordم لەلایە کە پڕە لە وێنە، دەمەوێ وێنە و دەقەکان لێك جیابکەمەوە ئەم کارە چۆن دەکرێت؟**

خوێنەری بەڕێز ئەگەر بتەوێ دەق لە وێنەکان جیا بکەیەوە، سەرەتا بابەتەکەت کۆپی بکە، بەڵام لەکاتی paste کردندا کە سێ فەرمانت پێدەدا ئەو فەرمانەی ئایکۆنەکەی بە A نیشاندراوە هەڵبژێرە، ئەوکات تەنیا دەقەکە پایست دەبێت و نەخشە و خشتە و وێنەکان دانابەزن، ئەگەر بتەوێ تەنیا وێنەکان هەڵبژێری ئەوە فایلەکەت بە شێوەی save as.. خەزن بکە و ئەوکات فەرمانی Web Page دیاری بکە، فۆلدەرێك دروست دەبێت تەنیا وێنەکانی تێدا خەزن دەکرێن بەم ئاسانییە وێنە و دەقەکان جیا دەبنەوە.

# پرۆگرامێک بۆ دەستکاریکردنی فایلی PDF

پرۆگرامی PDF یان فایلەکانی PDF کارئاسانییەکی زۆری بۆ ئەوانەی کاری نووسین دەکەن کردووە، لە فایلی PDFدا کاتێك فایلەکە بۆ کەسێکی دیکە دەنێری، ئەگەر ئەو فۆنتانەی فایلەکەیان پێ نووسراوە لە کۆمپیوتەری وەرگرەکەدا نەبن، کێشەیەکی ئەوتۆ نایەتە پێش، فایلی PDF لە راستیدا وەك وێنەیەك دەچن کە لە دەق هەڵگیرابنەوە، کاتێك فایلەکان پرێنتیش دەکەی هیچ کێشەیەك نایەتە پێش، بەڵام لە فایلی Word دا ئەمە نییە، ئەگەر کەسێك فایلێکی wordی بۆ بنێری بەڵام فۆنتی دەقەکەی نەبێت ئەوە فایلەکە بە تەواوی تێکدەچێت و دەگۆڕێت.. خاڵێکی دیکەی بەهێزی فایلی PDF ئەوەیە بە ئاسانی لە ئینتەرنێتدا بڵاودەکرێتەوە.. بەڵام کێشەیەك لە فایلی PDFدا هەیە ئەویش بە ئاسانی دەستکاری ناکرێت، ناتوانی وەك فایلێکی word بە ویستی خۆت دەستکاری بکەی..پرۆگرامی fox-it phantomPDF بۆ ئەم مەبەستە داندراوە بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی وەك فایلێکی word فایلی PDF دەستکاری بکەی، دەتوانی دەقەکە بسڕیەوە یان پێیوەی زیاد بکەی، گۆڕانکاری لە فۆنت و شێوازەکەیاندا پێکبێنی و وێنە دابنێی و هەر گۆڕانکارییەك لە word دا بکرێ لەویشدا دەکرێت.





# لاپتۆپێک بۆ ڕۆژی ڤالانتاین


ڤالانتین یان ڕۆژی خۆشەویستی کە دەکەوێتە ١٤ی مانگی ٢، لەم ڕۆژەدا ئەوینداران و خۆشەویستان دیاری پێشکەش بە خۆشەویستەکانیان دەکەن، لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ، دیاری تایبەت بەم ڕۆژە بەرهەم دێنن، دیارییەکان یان مۆبایلێکی تایبەتە، یان کاتژمێر و گوستیلەی هۆشمەندە کە تایبەتە بەم ڕۆژە، ئەمساڵیش کۆمپانیای RAZER بە بۆنەی ئەم ڕۆژە لاپتۆپێکی پەمەیی بەرهەمهێناوە. بەپێی ڕەنگەکە بێت لاپتۆپەکە بۆ خانمانە، تایبەتمەندییەکانی لاپتۆپەکەش تا ڕادەیەك بەهێزن، جگە لە لاپتۆپەکە کیبۆرد و سپیکەر و ماوس و ئامرازە لاوەکییەکانی دیکەشی هەر بە ڕەنگی پەمەیین. دیارە لەم جۆرە لاپتۆپە ڕێژەیەکی سنووردار بەرهەم هاتووە. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی لاپتۆپەکە، پرۆسیسەرەکەی لە نەوەی هەشتەمی ئینتەلە، ڕامەکەی ١٦ گیگابایتە، هاردەکەی ٢٥٦ گیگابایتە. شاشەکەی ١٣,٣ ئینجە.



## ماڵپەڕێک بۆ ناردنی SMS ی بێ ژمارە

لە ئینتەرنێتدا گەلێك سایت هەن کە تایبەتن بە ناردنی کورتە پەیام واتە SMS، بەشێك لەو ماڵپەڕانە بە تێچوویەکی کەم ئەرکی گەورە ئەنجام دەدەن و بەشێکیشیان بێ بەرامبەرن، بەڵام خزمەتگوزارییەکانیان سنووردارە..

ماڵپەڕی smsgenie.co یەکێك لەو سایتانە، ئەم سایتە بەشێك لە خزمەتگوزارییەکانی بە خۆڕایی و بەشێکیان تێچوویەکی کەمیان دەوێت، لە سەرەتادا دەبێ ئەکاونتێك لە سایتەکەدا بکەیەوە، پاشان دەتوانی لە یەك کاتدا سەدان کورتەپەیام بۆ ئەو ژمارانە بنێری کە مەبەستن، ئەگەر بتەوێ لە ڕۆژێدا پێنج دانە کورتەپەیام بنێری ئەوە بەخۆڕاییە، بەڵام بۆ زیاتر دەبێ ساڵانە یان مانگانە پارەیەك بدەی.. بێ ئەوەی کە ژمارەی تۆ لەلای بەرامبەر دەربکەوێ، کورتەپەیامەکە بەرێ دەکات..



# کامێرایەکی سمارتی چاودێری

سیستەمی ئەمنییەت و چاودێری هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر لەم هەرێمە و لە زۆر شوێنی جیهان بە هەند وەرنەدەگیرا، بەڵام دوو ساڵ دەبێت نە تەنیا شوێنە گرنگەکانی وەك سۆپەرمارکێت و دام و دەزگاکان، بگرە ماڵەکانیش بۆخۆیان داناوە..

زۆربەی کامێراکانی چاودێری کە دانراون، کامێرای هۆشمەند نین و ئاسایین، واتە ئەرکیان تەنیا ئەوەیە بەردەوام فیلم هەڵبگرنەوە و لەیەك گۆشەش بڕوانن.. بەڵام کامێرای زیرەکی چاودێری بەرهەم هاتوون کە ئەرکیان تەنیا فیلم هەڵگرتنەوە نییە، بگرە ئاگادارکردنەوەی بەکارهێنەرەکەشیانە لە حاڵەتە گوماناوییەکان.

کۆمپانیای Ooma لەم ماوەیەدا کامێرایەکی چاودێری سمارتی بەناوی Ooma But-terfleye خستەڕوو، ئەم کامێرایە جگە لەوەی تۆماری ڕووداوەکان دەکات، لەکاتی هەبوونی حاڵەتێکی گوماناویدا تەلەفۆن بۆ پۆلیس یا ئاسایش دەکات. جگە لەوەش کامێراکە لە کاتی کەش و هەوای نالەباریشدا وەك تاریکی و تەم و مژ فیلم هەڵدەگرێتەوە، بۆ ئەوەی میمۆری کامێراکە پڕ نەبێت، فیلمەکان بۆ یادگە ئینتەرنێتییەکان واتە ئەو شوێنانەی کە لە ئینتەرنێتدا هەن و دەتوانی داتای تێدا هەڵبگری بەرێ دەکات. سیستەمی کامێراکە بە جۆرێك هۆشمەندە، لە حاڵەتی ئاساییدا هیچ فیلم هەڵناگرێتەوە، بەڵام هەرکاتێك هەستی بە حاڵەتێکی نامۆ کرد لە یەك چرکەدا دەست دەکات بە تۆمارکردنی ڕووداوەکە. کامێراکە ڕوخسارەکان دەناسێ، واتە ئەندامانی شوێنێك کە یەکجار خۆیان نیشان دابێ دەیانناسێتەوە. دەنگی نائاسایی لەگەڵ دەنگی دیکە جیا دەکاتەوە. ئەپێکی تایبەتی تێدایە لەسەر مۆبایل بە باشی کۆنترۆڵ دەکرێت. باترییەکەی ئەگەر شەحنیش نەکرێتەوە هەتا شەش مانگ شەحنی دانابەزێت، هاردی کامێراکە ١٦ گیگابایتە، کوالیتی فیلمەکە HDیە و ١٣٠ گۆشەی دەوروبەری خۆی دەبینێ.